www.kurdistannet.org
2-2-2006 12:49بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# سەرکردە و دەسەڵاتی کوردی لەمەترسیدایە! ... باوکی بۆتان

سەرکردە بەتێکرایی دەبێت لەوچەند بنکە کۆمەلایەتیەو سیاسیەو ئابووریە پێکهاتبێ کە پێکەوە کەسایەتیەک بۆ ئەو ڕابەرە دروست کردبێت، جگە لەوەی خەزینەیەکی باشی خوێندن و خوێندەواری گشتێ کۆکردبێتەوە، نەوەکە تەنها بە بوونی شەهاإدەیکەوە رێزی لێ بگیرێ وەك لای خۆمان باوە لە کوردوستان. ئەو پێشرەوە یان ئەو ڕابەرە دەبێت زۆر پەیوەندی باشی هەبێت لەگەل پارتو رێکخراوەکانی ناوەوەدەرەوەی کوردوستان کەبتوانێ هەر دەم پەیوەندی سیاسی و ئابوری و گۆرینەوەی بازرگانی لەگەل هەموو هەبێت، بەشێوەیەك لەپەرژەوەندی وولاتو مللەیەکەی بێت، نەوەک بۆ پەرژەوندی کۆمەلێک کەخۆشی بەشێک بێت تیایدا.

شۆرش و دیمۆکراتی دوو بەندی بەیەك بەستراون بۆ دروستکردنی کەسایەتی پێشرەوێك یان سەرکردەیەك کەلەناخی ئەو کۆمەلگاو میللەتە هەلقولاوبێ، زۆر نمونەی مێژوویی هەن وەك ماوتسیتۆنغ لە ولاتی چین و مەهاتما غاندی لە هیند ستان و نیلسۆن ماندێلا لەخواروی افریقاو نەمر مەلا موستەفای بارزان لەکوردوستا ن و. . دەهاتی تریش لەو رابەرانە کەهەولیباینداوە بۆ رزگاربونو بەدیهێنانی پرۆسەی دیموکراتی لە ولاتەکانیاندا، وەلەدوای خۆیاندا ئەرکەکەیان بە رۆلەکانیان دەسپێرن کە بەهەمان رۆلی دیمکراتی بەردەوام بن، بەلام مەخابن لەولاتێکی دوا کەوتووی وەک لای خۆمان راوێژکارەکانی سەرکردە نوێکانمان سەرو مێشکی رابەرەکانیشمانیان تێک داوە لەبەر پەرژەوەندی تەسکی خۆیان کەزۆر جار بەخراپی دەشکێتەوەسەر ئەم سەرکردە تازە و نوێیانە کەهیچ سزایەکی یاسایی نادەن بەم ماستاو خۆرانە، بەڵکو پارەو زەوی نو ێ و دەسەلاتی تریان بۆ زیاد دەکەن! ئەمەیان نەهامەتە، ؟ ئەمەیان رقو تۆلە لەگیانی گەنجانی نەتەوە پەپیدا دەکات.

نمونەیەك لەدیموکراتی کەئەمرۆ لە ولاتی یابان دەیبینین، زۆر گۆرینی بەسەر هاتوە چونکە ئیمبراتۆری کۆنی یابان واتەپێش شەری جیهانییەکان کەس بۆی نەبو لەمیللەت سەیری دەموچاوی ئەو پاشایە بکات واتە ئەو ئیمبراتۆرە، چونکە ئەو وای دەزانی نوێنەری خودای گەورەیە لەو ناوچەیە بەڵکو هەر کەسێ سەری هەلبربایەو تەماشی بکردایە ئەوا کتو پر لەسێدارەدەدرا، کەچی ئەمرۆ هەر مندالە کەی ئیمبراتۆرەکە کە شوێنی ئەوی گرتۆتەوە زۆر بەئاسایی لەشارەکانی ژاپۆن دەسورێتەوە وەك هەر کەسێکی ئاسایی، ئەم نمونەیەکەکە تەنها بۆ سەرکردەکانی خۆمان باسدەکەم کە ئەوانیش بەشێوەیەکی ئیمبراتۆرێکی کوردی ڵاسای و رەفتار بەم شێوەیە دەکەن، بەلکو قەدەغەیە بۆ خەلکی رەشو رووت سەردانیان بیکەن چونکە رێزی چاوەرێکردن بۆ یەکێ واستەی نەبێت یان نا سیا ونەبێت ئەوە لە کەمی چەند مانگێە یانجەنند سالێکە یان هەر نییە؟، ئەمەیان ئیمبرتۆریەتی مۆدێرنی کوردییە، بۆیە ئاگاداریان دەکەمەوە بەخۆیان بچنەوە؟؟؟

بەڕاستێ ئێمەی کورد ئەمڕۆ پێویستمان بە کەساتییەکی وەك زۆرۆ//Zorro// هەیە کە وەك خدری زیندەی لای خۆمان وابێ لەکاتی تەنگانە ڕزگارمان بکات و پلانو کردەوەکانی دەورو دەستەی سەرکردەکان پوچ بکاتەوەو خەلکانی هەژارو داماو ڕزگار بکات لەسزاو بێ یاسایی کردنی ئەم ماستاوخۆرانەی کەسەریان لەسەرکردەکانیش تێکداوە. کەهەر ئەمانەن ناوی پاکیو خاوێنی شۆرسی سەرکردەکانیان خستۆتە تەنەکەی زبلی مێژووەوە، بەلام سەیر لەوە

دایە ئەم سەرکردانە!! چۆن و کەی؟ بەخۆیان دەچنەوەو ئەم ماستاو خۆرانەی کەئاشکرا دەیانناسن دەبێ دەریان بکەن و خۆیان بخەنەوە باوەشی میللەتەوە جارێکی تر، بگەرێن بەدوای مندالآی خوێندەواری رەشو روتەکان وە شوێنیان بدەنێ حکومەت لەجیاتی ئە و پەککەوت و پیرانەی دەها سالە پارەلەم دوو ئیدارە یە دەدەزن ودەشارنەوە.

مێژوو شاهێدە کە شۆرشی سیاسی هەرمیللەتێك کۆتایی دێت بەسەقامگیری و ئاساییشی ئابووری و ئارامی کۆمەلایەتی و سەرکەوتنی خواستەکانی میللەتە، بەلام من زۆر ترسم بەم کۆتایی

ئەنجامی شۆرشەکەی خۆمان هەیە، چونکە ئەمانەی خۆمان وا دەزانن ئەو دەستکەوتوانەی ئەمرۆ بەدەستییانەوەیە تەنها هی خۆیانەو وەهەر خۆشیان خاوەن ئەو پارەو دەسەلاتەن بەلکو هەموو خواستوو ویستی میللەتیان پێشێل کردوەو خستویانەتە ژێ دەستی خۆیانو و نەوەکانیان و هەندێ چلکاوخۆری ژێر دەستەی خۆیان کە تەنها پرۆپاگەندە و قسەی زل و درۆی بێ مانا دەکەن بۆ خەلک و هەندێ جاریش خەلك تاوانبار دەکەن و دەیان خەنە زیندان بۆ ترساندنی خەلکی تر. بۆیە دەسکەوتی شۆرشێ کوردی جیاوازە لە گەلْ شۆرشەکانی میللەتانی تر. . . بەداخەوەئەو شۆرشەی رەحمەتی موستەفای بارزانی نەمر هەولی بۆ دا، نەوەکانیان هەندێ جار بەپێچەوانەوەرەفتار دەکەن و خەلکانێکیان لە دەوری خۆیان حەشار داوە زۆربەیان فریان بەخەباتوە نیە بە لکو دەیانەوێ ناوی پارتیش و بارزانیش بەخراپە بزرێ، دەبوایە زوتر چاکسازیو باش سازی دەستی پێ بکردایە وەئەوەندە زۆریش مندالەکانی خۆیان نەکردایە بە سەرکردە، چونکەخەلکی تریش مندالی زیرەکیان هەیەو خەباتکەریشن، بەلام بەداخەوە تەنها لەبازارێ سەوزەفرۆشیو کاسبی بێ مایەداری دەبیندرێن خۆییان دەژێێنن یان لەجادەوەشەقامەکان بەتەسبیحەوە دەگەرێن پیاسەدەکەن و بەترسەوەرەخنە لەم کارەساتەدەگرن. . ،

ئەگەر باسی ئیدارەکەی تری سلێمانی بکەین ئەوەهەر بەجارێك خەلْکی هەژار رسوا بووە، هەندێ لەخەلکان بەئاشکرا باسیان بەخراپە و گەندەلی دەکەن کەزۆر کەمتر نەبێ لەمەی تریان بەلکو حاکم فلآنێکیان هەیە خەریکبووە جادەو عەموودی کارەبی جادەکانییش تاپۆ بکات بۆ خۆیی و کەسانی ناسییاوو پییاوانی یەکێتی، کە ئەمە مەنمونەیەکی بچوکە لەوە زۆر گەورەتروو خراپتریش هەییە لەوێش!؟. لێرەدا پرسیرێك دێتەپێشەوە! ئەویش ئەوەیە کە ئەوەی خەلك دەی زانێ بێ گومان دەسەلاتداران خۆشیان بەئاگادارن لێی چونکە هەر پرۆژەیك بکرێت لەکوردوستان دەبێ خاوەنەکی باج بدەن بەم دوو هەژدیهاییە کەناوی خۆیان ناوە دوو ئیدارە، ئەگیینا یەکسەری رەت دەکرێتەوە واتە رەفزدەکرێت بەلْکو سزاش دەدرێن، لەوەش خراپتر زۆربەی زۆرێ کارەکانی کە پارەی پێ پیدا دەکرێت وەک دەسگاکانی مۆبایلو تەلەفۆناتو کرینو فرۆشتنی زەویەکانی ناو شارو دێهاتەکانو تاکو دەگاتە فرۆشتنەو نەوت و غاز بەقاچاغ هاتنەژووەرەوەی جگەرەو باج وەگرتن لەسەر زۆربەی شتومەکێ کەدێتەناو ولاتوو، ئێستا بەهۆی تەکنۆلۆجیا کەوتنە فرۆشتنی بلیتی تەیارەو هاتوو چۆ تاکو گەیشتوینەتە نەوت دەرهێنانیش و. . . سەدەها دەسکەوتی تر کە راستەوخۆو یان ناراستەوخۆ هەر هیخۆیانە یان دەدرێت بەناوی کۆمەلێک لەبەردەستەکانو کارمەندانی خۆیان بەقۆنترات بۆدەسەلاتداران کار دەکەن وئیشەکانیان بۆ هەلدەسورێنن. .

من بۆ خواپێتان دەلێم لێپرسراوانی ئەمرۆی کورد زۆر کاتتان بەدەستەوە نەماوە بۆ چاکسازی، چونکە چەند ئەم پرۆسەیەزووتر دەست پێ بکات لەبەرژەوەندی ئێوەی دەسەلاتدارو میللەتیشە. هەندێ لەدەسەلاتەکانتان دابەشی سەر لاوو گەنجانی لێهاتوانی

میللەت بکەن چونکە < من> بۆنێ شۆرشێکی ئاشتی خوازانەی زۆر مەزنێ گەنجان دەکەم کەجادەکان بەئالای نارەزایی دەست پێ دەکات کەپرۆسەی ئەم دیمقراتییەی هاولاتیان داوای دەکات بەخراپە لەسەر هەمومان دەکەوێ. شۆرشێکی وەك ئەوەی لاوان لە ولاتی چین دەستی پێ کرد شۆرشی رۆشنبییری کە داوای گۆرینی زیاتر دەکەن لەوەی ئەمرۆ، بۆ خوا دەلێم ئەی سەرکردەکان بەهوێی ئەو راوێژکەرانەی کە دوێنێش راوێژ کەری خەلکێك بوون کە بۆ رژێم کۆن کاریان دەکرد وە لەپەرژەوەندی کەس قسە ناکەن تەنها خۆیان نەبێت. . . . من زۆر باش دەزانم کەزۆرتان لە ئیوە هەن ئەی سەرکردەی کوورد کەحەز دەکەن چاکسازی دەست پێ بکەن بەلام ئەم ماستاو خۆرانەی کۆن و نوێ سەریان لەئێوەش شێواندوە. من دەزانم دوێنی ئیوەش لەسەنگەری شۆرش بوون شۆرشگیری راستەقینەبوون بەڵام نازانم بۆجی وا گۆراون و چی ئێوەی گۆرییوە، ئێیوە زۆر بەئاسانی دەتوانن بگەرێنەوەناو دلێ میللە ت باوەشی دایکان چونکەزۆربەی زۆری ئێو ەشۆرشگیرێ دوێنێی کورد بون وەخەباتتان دەکرد بۆیە میللەت، چاوەرێتانە دیسانەوەبکەونەوەباوەشیان؟؟؟

ئەی میللەتی کورد من نالێم یکگرتنە وە باش نیە بەلام یەکگرتنەوە تەنها بۆ هەلخەلەتاندنی ئێمەی میللەت نەبێ و بەفشاری ئەمریکا نەبێ چونک بەم شیوەیە زۆر ترسناکە. وە ئەوەش بزانن کەهێزێکی زۆر شاراوە هەیە بەناوی ئیسلامەوە کەدوورن لەئیسلام خەریکەزۆر بەزیرەکانە لەناوتان دەبەن و گەمتان پێ دەکەن. ئەو شەروال کورتە سپییانەی بەر دەرگای مزگەوە تەکان کەلەرۆژانی هەینی دەیانبینن بەبەر چاوی خۆتانەو دەسەلات درووست دەکەن و خەلکی هەژار دەکرن کەچی ئێوەش خاوەن شکۆکان خەلکێ هەژار زۆر بەهەرزان دەفرۆشن.

من مەبەستم سوکایەتی نییە بەئیسلام و موسلمانان، بەلام ترسی سیاسەتی ئیسلامی وای لێ کردووم کەئاگاداریتان بکەمەوە ولاتەکەمان نەبێتە جەزائیرو نەبێتە ئەفغانستان و ئێران و سۆدان و. . . . . تاد. ئەو کۆمەلانە بۆ چمکی نوێ دەگەرێن بیکەنەسوتەمەنی و بەشێوەیەکی پراکتیك لەکوردوستان و بنکەیەکی وەك ئەلقاعدە دروست بکەن کەکۆتاییەکەی زۆر دەکەوێ لەسەر کوردو شاریستانیەتی کوردی.

گەر چاوێك بەمێژوددا بخشێنین دەبینین کە موسۆلیینی لەئیتالیاو هیتلەر لەئەلمانیا شەرِی جیهانیان بەرپا کرد بەناوی قەلاچۆکردنی جوولەکە لە جیهاندا، وەبەناوی ئاریەت کە زیاد لەملێۆن خەلک بوون بەقوربانی جەنگێك و مەبەستەکەش تەنها دروست کردنی دەسەلاتێکی ئاریەت بوو وەبۆ ئەوەی رەگەزەکانی تری دونیا سوك سوك لە ناو بەرن، ئەم جۆرە ئیسلامیە سیاسیانە هەمان بیرو باوەریان هەیە کەبەناوی ئیسلام دەیانەوەێ زۆر میللەت و ئایینێ تر لەرەگدا دەر بهێنن، بۆیەمن هیچ باوەرِم بەنەتەوایەتی و کوردایەتی ئەم گرووپە موسلمانانە نیە بەڵکو دەبێ بەشیوەیکی زانیاری مامەلەیان لەگەڵدا بکرێت و مێشکیان پاك بکرێتەوە لەو توند رِەویە ئیسلامیەتیە. سەرکردەکانی کوردیش لەبەر پەرژەوەدنی پارتەکانیان و مانەوەی کورسیەکانیان ئەمانە بەهێز نەکەن چی دی دژی لایکەی تر، کەبەردەوام زووترئەم سیاسەتە هەڵەو چەوتەیان بەکار هێنا بوو بۆ پرِکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی نێوان خۆیانبەیارمەتی دانی ئەم گروپ و لایانانە کەئێستا خەریکە کێشەکەیان گەلەك ترسناکتر دەبێت و چارەسەرکردنەکەشی درێژخایەنتر دەبێت.

bawkibotan@hotmail. com